گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# نیشتەجێ بوون لە شوێنەواری بێستان سوور لە ژێر ڕۆشنایی پشکنینە شوێنەوارییە نوێیەکان

**م. ی. هاوار نجم الدين هواس**
بەشی شوێنەوا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
hawar_najmadin@hotmail.com

**پ.ی. د نعمان ابراهيم جمعه**
بەشی شوێنەوا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
noman.ibrahim@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٢/٢٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٣/٢٨
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
Bestansur, Shahrizuror plain, Excavation, Prepottery Neolithic, Ochre, House of the Dead.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.14

## پوختە

یەکێك لەو ڕێگا گرنگانەی کە ئەمڕۆ لەجیهاندا پشتی پێ دەبەسترێت بۆ ساغکردنەوەی مێژووی ژیانی مرۆڤ لەقۆناغەکانی پێش مێژوو بریتیە لە پشت بەستن بە بەرئەنجامی هەڵکۆڵین و پشکنینە شوێنەواریەکان، دەرئەنجامی ئەم جۆرە کارانە توانیویەتی پەی بە زۆر لایەنی نهێنی ژیانی مرۆڤ ببرێت، ئەگەر تەماشایی مێژووی ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بکەین، دەبینی بەهۆیی هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکانەوە زۆر دەستکەوتی شوێنەواری گرنگ بەدەست هاتوون، کە یەکێك لەو دەستکەوتانە هەڵدانەوەی مێژوویی نیشتەجێ بوونی مرۆڤە لەگوندی بێستان سور لەقۆناغی چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی و نیشاندانی شێوازی بیناسازی و هەروەها سەرەتایی ئەنجام دانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریە، وە پشتبەستنی مرۆڤ بەو دوو کردەییە وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی ئابوری، پاشان بەدیارخستنی زۆر لایەنی دیکەی ژیان بەتایبەتی بیروباوەڕی ناشتن لەم قۆناغەدا.

## 1. پیشەکی:

مرۆڤ لەقۆناغی چاخی بەردینی کۆن بەجۆرێك ژیاوە تەنها لەخەمی دابین کردنی خۆراکی ڕۆژانەیدا بووە، ئەویش لەڕێگای کۆکردنەوەی خۆراك وڕاوکردنی ئاژەڵەکانەوە (باقر، 2009، 215). بەڵام دوابەدوایی ئەو گۆڕانکارییە ژینگەییانەی لەناوچەکەدا ڕوویداوە کەش و هەوا لەقۆناغی بلایستۆسینەوە دەگۆڕێت بۆ هۆلۆسین یان چاخی بەردینی نوێ وە کۆتایی بەو چاخانە دێت کە بەچاخی بەستەڵەك یان سەهۆڵ بەندان ناسراون(Darabi, 2016, 283).

بەپشت بەستن بە پشکنینە شوێنەواریەکان و لێکۆڵینەوەکان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدیاری کراوی چیاکانی زاگرۆس و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها ئوردن و فەلەستین و ئەنادۆڵ و ناوچە گەلێکی تر بوون، کەوا یەکەم جار ئەو گۆڕانکارییانە تێیاندا ڕوویداوە (کوفان، 1988، 9 ؛ أبو طالب، 2015، 13). بەهۆیی گۆڕانکاری کەش و هەوای ئەو ناوچانە بەتایبەتی گۆڕانکاری لەپلەکانی گەرما و بەرزبوونەوەیان بەسەر داهاتووە کە ئەمەش بووەتە هۆیی توانەوەی بەفرو زۆر بونی ڕێژەی ئاو لەناوچە دەشتاییەکان و دەرکەوتنی سەوزایی لەوناوچانەدا کە بەدوایی دا سەرەتا کۆچی ئاژەڵەکانیش بۆ ناوچە دەشتاییەکان دەستپێدەکات (مصطفى، 2013، 1). لێرەدا قۆناغێکی نوێ لەژیانی مرۆڤ دێتە کایەوە مرۆڤ هێدی هێدی ئەشکەوت بەجێ دەهێڵێت بەئامانجی ڕاوکردنی ئاژەڵەکان و گیانلەبەری ئاوی دەست کەوتنی بەروبوومی ڕوەکی بووە لەناوچەی کەناراو و دەشتاییەکاندا (Ahmad, 2012, 4-5)، هەر بۆیە ڕۆژانە بۆ بەدەست هێنانی خۆراکی پێویستی بەهەوڵی زۆرو بڕینی چەندین میل ڕێگا هەیە، ئەمەش هۆکاربووە وێستگەی نیشتەجێ بوونی کاتی بۆ یەکەم جار بنیاد بنێت بۆ ئەوەی پشوی تێدا بدات. (النجم، 2006، 25) بەڵام دوابەدوای ئەو قۆناغە مرۆڤ پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ کە زۆر گۆڕانکاری لەژیانی دا دێتە ئاراوە لەڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و لەشێوازی بیرکردنەوە و تەنانەت هەڵسوکەوت، بونیاتنانی شوێنی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی لە پێدەشتەکاندا (سلیم، 2011، 131)، نزیك لە سەرچاوەکانی ئاوو ڕووبارەکانەوە، لەو جێگایانەدا خانووی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی بونیاتناوە، ئەوەش وایکردوە کە گوندنیشنی بێتە ئاراوە، کە ئەمەش خۆیی لەخۆیدا بەدەسپێکی چاخی بەردینی نوێ لەقەڵەم ئەدرێت (رزقانة وآخرون، د.ت، 15). دواتر بەشێك لە وخانووانە لە خشت کە لەبەر هەتاو وشك کراوە یان قوڕی ئاسایی بەکار هاتووە لەدروست کردنیاندا، هەروەها شێوەی ژوورەکان زیاتر بازنەیی بوون، بەڵام دوای ماوەیەك خانوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژوورەکان لەشێوەی چوارگۆشەیی بوونە کە لەڕێڕەوی تەسك ودەرگایی چونە ژووری بچوك و لەگەڵ کۆمەڵێك ژووری قەبارە بچووك دروست کراون (Banning, 2019, 5).

ئاشنا بوونی مرۆڤ بۆ یەکەمجار بەکشتوکاڵ گۆردن چایلد (Gordon Childe) بەشۆڕشی ئابوری ناوی بردووە هەروەها ئەو پێی وایە ئەم گۆڕانکاریە ڕووداوێکی کت و پڕ نەبووە لەژیانی مرۆڤدا دا بەڵکو بەرئەنجامی کەڵەکە بووی چالاکی و هەوڵەکانی مرۆڤ بووە بۆ دەست بەسەردا گرتنی بەروبووم و بەرهەمەکانی سروشت (Mathews, 2003, 69). هەروەها مرۆڤ هەڵدەستێت بەئەنجامدانی پیشەی ئاژەڵداری هاوشانی کشتوکاڵ، دواتر بیرۆکەی کشتوکاڵ کردن و ئاژەڵداری یان ماڵی کردنی ئاژەڵ لەم ناوچانەوە گواستراوەتەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی جیهان لەڕێگایی جوڵەو هاتووچۆیی مرۆڤ و ئاڵ و گۆڕی شارستانیەوە (ولي، 1967، 21).

وا مەزندە دەکرێت مرۆڤ یەکەمجار مەبەستی ماڵیکردنی ئاژەڵ نەبووە بەڵکو لەکاتی ڕاوکردنیاندا هەندێ کات بێچووی ئاژەڵەکانیان گرتووە یان لە کاتێ بریندار بوونیاندا ئەم جۆرە ئاژەڵانەیان لەگەڵ خێزانەکانیان پەروەردە کردووە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان یارییان لەگەڵدا بکەن، بەتێپەڕبوونی کات ئەم ئاژەڵانە تێکەڵ بەخێزانەکان بوون و ماڵی کراون وە دواتر زاوزێیان کردوەو زۆر بوونە تواناراوە لەهەموو ڕووەیەکەوە سودیان لێ وەربگیرێت (الدباغ، 1985، 115).

هەرچی سەبارەت بەوەی ئاخۆ مرۆڤ بەچ شێوازێ فێری کشتوکاڵ کردن بووە؟ بۆ یەکەم جار ئافرەت ڕۆڵی هەبووە لە دۆزینەوەی کشتوکاڵ و برەودان بەم پیشەیە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تۆوی ئەو دانەوێڵەو بەروبوومانەی کە لەکاتی هاڕینیدا کەوتوونەتە سەر زەوی دەوروبەری ئەو شوێنەی کەئافرەتان کاری هاڕینیان تێدا کردوە، وە دواتر سەرنجیان داوە لەوەرزی گەشەدا ئەو تۆوانە سەوز بوونەتەوە، بەوەش سەرەتایی بیرۆکەی چاندن و کشتوکاڵ کردن لای مرۆڤ دروست بووە (دلو، 1989، 18).

هەر پەیوەست بەژیانی کشتوکاڵ لەم قۆناغەدا و لە ئەنجامی پشکنینە شوێنەواریەکان لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان و سوریاو ئەنادۆڵ و فەلەستین ئەوە نیشان دەدەن، کەوا پێگەی ئافرەت لەکۆمەڵگایی کۆندا بە بایەخ و پیرۆزەوە تەماشا کراوە، ئەوەش لە بەرجەستەکردنی سیماو شێوەی ئافرەت لەکاری هونەری و پەیکەرسازی دا ڕەنگی داوەتەوە، کەوا لەزۆر شوێنگەی شوێنەواری پەیکەری ئافرەت دۆزراوەتەوە بە پەیکەری خواوەندی دایك ناسراوە، ئەم پەیکەرانە بەگوێرەی تایبەتمەندیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەست کراون بەلایەنی ئابوری و ژیانی کشتوکاڵیەوە لەو سەردەمەدا (کوفان، محیسن، 1988، 120-116). زۆرینەی پەیکەرەکان بەقوڕ دروست کراون و هەندێکیشیان بەبەرد و ئێسك و شاخی ئاژەڵەکان (جمال، 2013، 123-124). هەروەك ئاشکرایە زۆرینەی پەیکەرەکان لەسەرشێوەی دانیشتن بوون و وە زۆر هەوڵدراوە لایەنی مێینەیان و ئەندامەکانی زاوزێیان ئاشکرا و ڕوون نیشان درێت (Darabi, 2016, 292). ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کەوا ئەو کات مرۆڤ مەبەستی لەو پەیکەرانە بۆ بەرز ڕاگرتن و نیشاندانی پێگەی ئافرەت بووە وەك سەرچاوەی سەرەکی بۆ زۆربوون و زاوزێ و بەردەوامی ژیان هەر بۆیە بە پیرۆزیان زانیوەو بەهەندیان وەرگرتووە (جمال، 2013، 123-124).

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە لەم چاخەدا بەربڵاوبووە ئەویش بەدیارکەوتنی سەرەتایی بیرۆکەی ئاینی و گرنگی دان بووە بە بیروباوەڕی ناشتنی مرۆڤەکان، ئەم بیروباوەڕە دیاردەیەکی باوی ئەو سەردەمە بووە، مرۆڤ لەم قۆناغەدا لەزۆربەی کاتدا هەستاوە بەناشتنی مردووەکانیان لەژێر خانوو و ژووری نیشتەجێ بوونیدا (خمیس، 2017، 74)، وە لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکی دیاردەی ناشتنی مرۆڤەکان لەژێر زەوی خانوو و ژووری نیشتەجێبوون دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو دەمەدا باوەڕیان وابووە مردەکانیان بەجۆرێك لەجۆرەکان لەگەڵیاندان و پاش مردنیشیان هێشتا بەشێکن لەئەندامانی خێزانەکانیان لەلایەکی دیکەوە بوونی جەستەی مردووەکانیان لەناو ژوورو ماڵەکانیان باشتر پارێزراوتر بووە لە لەناوچون و وێران کردن (حنون، 2006، 19)، گۆڕەکان بەشێکیان لەسەر شێوازی بازنەیی یان هێلکەیی بوونە وە لاشەکان لەسەرشێوازی لاتەنیشت و نوشتاوە ناشتوە، زۆر کاتیش هەستاون بەبەکارهێنانی ئۆکسیدی ئاسن(Ochre) بۆ ڕەنگ کردنی ئێسکەکان کە ئەوەش دیاردەیەکی باوی ئەو سەردەمە بووە مەبەست لێیی بەردەوامی ژیان بووە بەو پێیەی خوێن هێمایە بۆ بەردەوامی ژیان، هەروەها لەهەندێ باردا منداڵیان لەتەنیشت دایکەوە ناشتوە (شریف، 2016، 124)، هەڵبەت گۆڕەکان بە کۆیی پێکهاتەکانیانەوە سەرچاوەیەکی باش بوون بۆ لێ کۆڵینەوەی زانستی و شوێنەواری و بەدواداچونی زۆر لایەنی ژیانی مرۆڤ لەو سەردەمەدا (الوردي، 2006، 3).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1. گردی بێستان سور

### 1.2. هەلکەوتەی جوگرافی:


وێنەی ژمارە(1) گردی بێستان سور
توێژەر

ئەم گردە شوێنەواریە دەکەوێتە باشوری گوندی بێستان سور، بەشی ڕۆژئاوایی دەشتی شارەزوور 33کم باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی، بەرزی ئەم گردە نزیکەی 550م لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوەیە (Richardson, 2014, 41)، ئەگەر لەشێوەی گردەکە بڕوانین قەبارەی بچوکەو تیرەی گردەکە نزیکەی 80م دەبێت (Altaweel and others, 2012, 20)، تایبەتمەندی ئەم ناوچەیە یەکێکە لەهۆکارە سەرەکیەکانی نیشتەجێبوون بەدرێژایی قۆناغی چاخی بەردینی نوێی پێش گلێنەسازی و سەردەمەکانی دیکەی وەك ئاشوری نوێ و ساسانی، کە بەگشتی ئەو چینە نیشتەجێ بوانە بوونەتە پێك هێنەری شێوەی ئێستایی گردەکە (Mathews and others, C.Z.A.P, 20.6.2020)، هەروەها بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەو ڕووپێوییەی کە لەساڵی 2011 دا لەلایەن تیمی زانکۆیی هایدەلبێرگی ئەڵمانی و بەڕێوەبەراتی شوێنەواری سلێمانی بۆی کراوە، دەرکەوتووە کەوا کۆنتریین ئاماژەی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لەدەشتی شارەزووردا دەگەڕێتەوە بۆ گردی بێستان سور (Altaweel and others, 2012, 20) ، جگە لە سەرچاوەی ئاو ناوچەکە خاوەن خاکێکی بەپیتەو بوەتە هۆکاری بوونی گژوگیاو دارودرەخت، ئەمەش وای کردوە ئەم ببێتە لەوەڕگایەکی باش و سەرچاوەی ڕاکێشانی ئاژەڵەکانیش بۆ ئەم ناوچەیە (Matthews and others, S.1, 2012, 59-60).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1.2. مێژوو و کنەو پشکنینی شوێنەواری گردەکە:



نەحشەی ژمارە(1) نەحشەی کەنتۆری چاڵە شوێنەواریەکان
Richardson, 2012, 51

ئەم گردە بۆ یەکەم جار لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراقەوە لەساڵی 1947 لەڕێبەری شوێنەوارەکانی عێراقدا وەك گردێکی شوێنەواری تۆمار دەکرێت (مديرية الاثار العامة، 1970، 334). پاشان بەپێی نوێترین ڕوپێوی شوێنەواری کە لەلایەن تیمێکی ئەڵمانیەوە ئەنجام دراوە بە ژمارە کەتەلۆگی (SSP6) وەو پشت ڕاستی ئەوە دەکەنەوە کەوا گردێکی شوێنەواریەو مێژووەکەی دەدەنە پاڵ قۆناغی چاخی بەردینی نوێ، دوا بەدوایی ئەم ڕوپێویە شوێنەواریە لەنێوان ساڵی 2011-2012 تیمێکی بەریتانی سەر بەزانکۆیی ڕیدینگ بەسەرپەرشتی ڕۆجر ماتیوس و خێزانەکەی وێندی ماتیوس سەردانی ئەم گردە شوێنەواریە دەکەن، سەرەتا بەگەڕانێك بەسەر گردەکەداو ناوچەکانی دەوروبەری دا دەست پێ دەکات و لەڕێگایی دۆزینەوەی کۆمەڵێك لەئامێری بەردی دروست کراو لەبەردە ئەستێ و بەردی ئۆبسیدیان بەگوێرەی تایبەتمەندی ئەو ئامێرە بەردیانەوە دەگەنە ئەو بڕواییەی کە ئەم گردە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ (Matthews and others, S.1, 2012, 3).

دۆزینەوەکانی سەر ڕووی گردەکە و دەوروبەری دەبنە کلیلی دەسپێکی کاری کنەوپشکنینی شوێنەواری لەلایەن تیمی شوێنەواری زانکۆیی ڕیدینگەوە بەهاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی، بەهاری 2012 کاری کنەوپشکنین دەستپێدەکات، سەرەتا لەلایەن تیمەکەوە هەڵدەستن بەلێدانی کۆمەڵێك چاڵ بەپێوانەی 2 X 2 م، بەتێکڕا نزیکەی 13 چاڵ لەسەر ڕووی گردەکەو ناوچەکانی دەوروبەری لێدەدرێت بەتایبەتی لەلای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایی گردەکە ( Mathews and others, C.Z.A.P, 21.6.2020).

پاشان بەرئەنجامی کاری کنەو پشکنین لەلایەن تیمی ناوبراوەوە دەگەنە چینی شوێنەواری تایبەت بەقۆناغی چاخی بەردینی نوێ (هواس، 2015، 43)، وە بەگوێرەی لێکدانەوەی دۆزراوەکانی گردەکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروست مێژووی نیشتەجێبوون تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی (B)، (Kostas, k., MacGinnis, J., and Ur, J., 2015, 13).

## 2. پاشماوەی بیناسازی لە گردی بێستان سور:

یەکێك لەگرنگترین سیماکانی قۆناغی چاخی بەردینی نوێ بریتیە لە دروستکردنی خانوو بنیادنانی گوندی نیشتەجێبوون، بەپشت بەستن بە بەرئەنجامی پشکنینە شوێنەواریەکان سەرەتا مرۆڤ هەستاوە بە بنیادنانی پەناگەیەك لەشێوەی کوخ دا شێوەی بازنەیی بووە، ئەم کارە بەیەکەمین هەنگاوی مرۆڤ دادەنرێت لەڕووی بیناسازیەوە (الشیخ، 1985، 29). کۆنترین پاشماوەی بیناسازی و پلانی خانووی نیشتەجێ بوون لەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ زەوی چەمێ کە دەکەوێتە 4کم باشوری ڕۆژئاوایی ئەشکەوتی شانەدەر لەناوچەی برادۆست لەپارێزگای هەولێر، لەم شوێنگە شوێنەواریەدا پاشماوەی ژمارەیەك ژووری شێوە بازنەیی دۆزراوەتەوە (Mathews, 2000, 32).

لەڕاستی دا سەرەتایی بیرۆکەی دروست کردنی خانووی نیشتەجێبوونی شێوە بازنەیی پێدەچێت لەتێبینی کردنی شێوەی ئەشکەوتەوە وەرگیرابێت بۆیە دروست کردنی ئەم خانوانە شێوەی ئەشکەوتیان نواندوە (سليمان، 1976، 20)، خانوەکان لەڕووی پێکهاتەوە قەبارەیەکی بچوکی هەبووە دەرچەیەکی بچوکی تێدابووە بۆ هاتوو چۆ وە لەدروست کردنی دیوارەکانی دا قوڕ و بەرد بەکار هاتووە، سەری ئەم خانوە بەبەکارهێنانی قامیش وپێستی ئاژەڵ و قورو خۆڵ گیراوە لەشێوەی گۆیی بووە (البدراوي، 1985، 292)، مەبەستی سەرەکیش لە دروست کردنی ئەم جۆرە خانووانە بۆ پەرستن و لایەنی ئاینی نەبووە، بەڵکو دروست بۆ نیشتەجێ بوون بووە (الشیخ، 1985، 139-140-141).

بەتێپەڕ بوونی کات و بەهۆیی گۆڕانکاریەکان و زیاد بونی مرۆڤ لەڕووی بایەلۆژیەوە هەروەها زیاد بوونی پێداویستیەکانی مرۆڤەوە شێوەو ئەندازەی خانوە بازنەییەکان گۆرانیان بەسەردا هاتووەو دابەش بوون بۆ چەند یەکەیەك و بەپشت بەستن بەدیواری ڕێك (غزالة، 2005، 194)، دواتر سەرهەڵدانی بیناو خانووی شێوە لاکێشەیی و چوار گۆشەیی لێ دەکەوێتەوە (أبو غنيمة، 2004، 210). وە بەگشتی کشتوکاڵ هۆکاری سەرەکی وابەستە کردنی مرۆڤ بووە بە زەوییەوە لە مرۆڤێکی گەڕۆکەوە کردیە نیشتەجێی هەمیشەیی، وە گەشەی لایەنی بیناسازی لەم قۆناغە بەدواوە گۆڕانکاری زۆری بە خۆیەوە بینیوە (الشكري، 2013، 111).

لەماوەی کارکردنی تیمی شوێنەواری بەریتانی لەگردی بێستان سوردا لەچوارچێوەی وەرزەکانی کارکردنیان توانیان بەڵێدانی کۆیی ئەو چاڵە شوێنەواریانەی لەسەر ڕووی گردەکەو ناوچەکانی دەوروبەری وێنەیەکی ڕوونی لایەنی بیناسازیمان نیشان بدەن، تەواوی دیواری خانوەکان لەدیواری ڕاست و ڕێك پێکهاتبوون وە شێوەی ژوورەکان قەبارە بچوکی چوار گۆشەیی و لاکێشەیی بوون هەمان تایبەت مەندی خانوەکانی قۆناغی چاخی بەردینی نوێیی پێش گلێنەسازی (B)ی گوندی چەرمۆیان هەیە (Braidwood and Howe, 1960, 38-50)، لە ئەنجامی کارکردنی بەردەوامی تیمەکە گەیشتونەتە کۆمەڵێك دەستکەوتی بیناسازی وە باشترین نمونە لە چالی ژمارە (10) بەدەست هاتووە، کە زۆربەی بنەما و توخمە بیناسازییەکانی تێدا بەرجەستە بووە.

ئەم چاڵە شوێنەواریە کەوتووەتە لای ڕۆژهەڵاتی گردەکەوە، سەرەتا ئەم چاڵە بەپێوانەی (2 X 2م) لێدرا لەچینەکانی خوارەوەی هەڵکۆڵیندا هیچ جۆرە پاشماوەیەکی گڵێنە بەدی نەدەکراو ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو چینانە دەگەڕانەوە بۆ چاخی بەردینی نوێی پێش گلێنەسازی، لەڕاستیدا لەوەرزی یەکەمدا هیچ شوێنەوارێکی ئەوتۆیی بیناسازی بەدی نەکرا (Mathews and others, S.1, 2012, 53).


وێنەی ژمارە(2) دیواری ژمارە(12)
Mathews, S1, 2012, 8

دواتر لەوەرزی سێیەمدا هەستان بەفراوان کردنی ڕووبەری چاڵەکە بەپێوانەی (6 X 6م) ئەوەش تیمەکەی گەیاندە شوێنەواری دیوار کەوا بۆ چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی دەگەڕایەوە، ئەو دیوارە کەدۆزرایەوە کەوتبوە باکوری ڕۆژئاوایی چاڵەکە کە بەدیواری ژمارە (12) دەستنیشان کرا، ئەم دیوارە بەقوڕی تۆپەلکراو (Pisé) دروست کرابوو، بەرزی دیوارەکە (60سم) و پانیەکەی (48سم) یە، دیوی ناوەو دەرەوەی دیوارەکە ڕوو پۆشکرابوو(Plaster)، دیوارەکە درێژ دەبێتەوە لەلای باکوری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشوری ڕۆژئاوا(Mathews and others, S.3, 2013, 9-11)، شایانی باسە ڕووپۆشکردنی دیوار چ لەڕووی دەرەوە یان ناوەو هەندێ جاریش زەوی ناو ژوورەکان بۆ مەبەستی بەهێز ڕاگرتنی ئەو دیوارە یان هەندێ کات بۆ مەبەستی پاك و خاوێنی یان بەرگری کردن لە شێ و زۆر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتیش بۆ جوانکاری بووە کە ئەم شێوازە لەچاخی بەردینی نوێوە لەلایەن مرۆڤ بەکاری هاتووە (حسن الاغا، 2004، ص55).

لەوەرزی چوارەمدا کاری تیمەکە لەهەڵکۆڵین لەچاڵی (10)دا بەردەوام دەبێت، بەمەبەستی بەدیارخستنی لایەنی بیناسازی زیاتر، لەڕێگای فراوان کردنی چاڵەکە بە ئاراستەی دیواری ژمارە (12) بووە، ئەوەش بۆ ئەوەی بگەنە تەواو کاری ئەو دیوارە و سەرئەنجام تیمەکە توانیان لەماوەی کارکردنی ئەم وەرزەدا دوو خانوو بەدیار بخەن ئەوانیش خانوویی ژمارە (8،5) بوو، دەتوانین بڵێین بە دیار کەوتنی ئەم دوو خانووە بە باشترین دەستکەوت لەقەڵەم دەدرێت لەڕووی بیناسازیەوە لە گردی بێستان سور لە چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی(B)، وە لەلایەکی ترەوە بوونی ئەم خانووانە بواری ڕەخساند بۆ لێکۆڵینەوە شوێنەواریەکان لەناو خانووەکان و دەرەوەی خانووەکان کە دوو کەشی جیاوازن لەڕووی چالاکیەکانی مرۆڤەوە (Mathews and others, S.4, 2013, 3).



نەخشەی ژمارە(2) پلانی خانووی ژمارە (8) و (5)
Mathews and others, 2020, 149.

سەبارەت بە خانوویی یەکەم خانووی ژمارە (8) کە چەند بەشێك لەدیوارەکانی بەڕوونی دیارە بەڵام تەواو هەموو بەشەکانی خانووەکە بەدیار نەخراوە هێشتا، ئەو دیوارانەی کە خانوویی ژمارە(8)یان پێك هێناوە بەسەرنج دان لێیان دەرکەوتووە کە لەدروست کردنیاندا خشت بەکارهاتووە، خشتە بەکارهاتووەکان لەشێوەی بەلەمدا بوون، لەڕاستیدا دروست کردنی خشت کە لەبەر هەتاو ووشك کراوەتەوە جۆرێکی ترە لە داهێنانەکانی مرۆڤ لەو قۆناغەداو تایبەتمەندی ئەم خشتە لەوەدا بووە کە دیواری ڕێك ترو بەهێز تر بووە لەچاو ئەو دیوارەی کە بە قوڕی تۆپەڵکراو (Pisé) دروست کراوە(سلیمان، 1976، 162)، دیوارەکانی بەتەواوی جیاواز بووە لەتەواوی ئەو دیوارانەی لەگردی بێستان سوردا بەدی کراوە، پانی دیوارەکانی لە نێوان (60-70سم) دەبێت، وە دیوارەکان ڕووپۆشکراون (Mathews and others, S.4, 2013, 3-4)، ڕوپۆش کردن یان سواغدانی دیوارو زەوی ناو ژوورەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەتمەندی بیناسازی ئەم قۆناغە بووە، زۆرجار بۆ سواغدان گەچ یان قوڕ بەهەموو ڕەنگەکانیەوە بەکار هاتووە، بەڵام بۆ دیوارەکان بەزۆری لەبەرزی یەك مەترەوە قوڕی ڕەنگ کاڵ یان کرێمی بەکارهاتووە ئەوەش پەیوەندی بە لایەنی ڕوناکی و بینینەوە بووە(میلارت ، 1990، 53). ئەگەر سەرنجی شێوەی گشتی خانووی ژمارە (8) بدرێت، دەبینرێت ژوورەکانی شێوە لاکێشەیی و چوارگۆشەیین و قەبارەی ژوورەکان بچوکن، پلانی خانوەکە زۆربەی بەشەکانی بەڕوونی دیارە تەنها چەند بەشێکی نەبێت کە بووە بەژێر دیوارەکانی خانووی ژمارە (5)ەوە.

خانووی دووەم کە بە خانوویی ژمارە (5) دیاری کراوە، دروست کەوتوەتە سەروی خانوویی یەکەم ژمارە (8)ەوە، بەواتایەکی دیکە لە دورست کردنی ئەم خانوەدا پشت بە هەندێ لەپاشماوەی دیوارەکانی خانویی ژمارە (8) بەستراوە کە وەك بناغە سودی لێ وەرگیراوە، بەڵگەی ئەوەش ئەگەر سەرنج لە پێکهاتەی دیوارەکانی خانووی ژمارە (5) بدرێت بەتایبەت دیواری ژمارە (38) کە لەلای باکوری ڕۆژهەڵاتیەوە دیواری ژمارە (50)ی خانوویی ژمارە(8) بوەتە بناغەیەك بۆ ئەم دیوارە، هەروەها ئەوەی تێبینی کراوە سەرجەم دیوارەکانی خانویی ژمارە (5) لە قوڕی تۆپەڵکراو (Pisé) ڕەنگ سورو سپی دروست کراوە واتە خشت لەدروست کردنیدا بەکار نەهاتووە، ڕووی دیوارەکانی سواغ دراوە (plaster) (Mathews and others, S.6, 2016, 223).



نەخشەی ژمارە (3) پلانی خانووی ژمارە (8) و (5)

Mathews and others, 2020, 152

هەرچەندە لەهەمان قۆناغدا خانووی دوو نهۆم بەدی کراوە لە شوێنەواری گردی گەنجدارە، بەڵام بە هۆکاری جیاوازی پلانی خانووەکان و پێکهاتەی دیواری خانوەکان ناتوانین بڵێن ئەم خانووانە بەهەمان شێوازی ئەوانەی گەنجدارە دوونهۆم بووبن (ئەحمەد، 2013، 99).

ئەگەر تەماشایی شێوی پلانی خانوویی ژمارە(5) بکەین، تێبینی ئەوە دەکرێت کە لەبەشی باکورو باکوری ڕۆژهەڵاتی دیوارەکانی ژمارە(38،45،51) لێواری ڕووی دەرەوەی خانووەکەیان پێك هێناوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وە بەشی دەرەوەی ئەم دیوارانەو هەرچی ناوچەکانی ژمارە(53،52)یە بەبەشێك لە ناوچەکانی دەرەوەی خانووەکە هەژمار دەکرێن (Mathews and others, S.4, 2013, 4)، بەگشتی ژوورەکان لە ژووری قەبارە بچوك و گەورە پێکهاتوون، ئەوەش پەیوەستە بەجۆری مەبەست و بەکارهێنانی ئەو ژوورانەوە لە بەر جۆراو جۆری چالاکی و پێداویستەکانی مرۆڤەوە لەم قۆناغەدا، بۆ نمونە بەشێك لەو ژوورانە بۆ خەوتن بەکارهاتوون (عدنان مكي، 1983، 57؛ Liyod and Safar, 1945, 274)، بەڵام ژوورە قەبارە بچوکەکان کە پێوانەکەیان مەتر بۆ دوو مەتر دەبن وەك ژووری گەرم کردنەوە یان وەك کەند و یان کۆگا بەکار هاتوون (میلارت، 1990، 61)، هەر وەك دەبینین ژوورەکانی ژمارە (48، 49) دوو ژووری بچوکن، پاش لێ وورد بوونەوەیان وا لێك دەدرێتەوە کەوا ژووری (48) وەك ئاگردان بەکارهاتبێت بۆ ئامادەکردنی خۆراك، ئەوەش بەپشت بەستن بەپاشماوەی سوتاوی کە بە دیوارەکانی ئەم ژوورەدا شوێنەوارییان دۆزراوەتەوە، بەڵام ژووری ژمارە(49) وەك کۆگای خۆراك بە کارهاتووە، ئەوەش لە بەر بچوکی قەبارەی ژوورەکە و هەروەها لە بەر ئەوەی بەتەنیشت کورەکەوەیە ( Mathews and others, S.4, 2013, 4).

لەمیانەی بەردەوامی کاری هەڵکۆڵین لەوەرزی چوارەمدا بەشەکانی دیکەی خانووی ژمارە (5) زیاتر ڕوون بوویەوە بۆ تیمە شوێنەوارییەکە، بەگوێرەی لێکدانەوەیان بەشی باشوری ڕۆژئاوایی خانووەکە وەك ناوچەی بەردەم خانووەکە و ڕووگەی دیاری کرا، پاشان لە ناوچەی ژمارە (40)وە دەچیە ناو خانووەکە بەردەوام دەبیت تا دەچیتە ژووری یان ناوچە ژمارە (47)، ئەگەر سەرنج بدرێت لەم ژوورە دەبینرێت ژوورێکی فراوانە و شێوەی لاکێشەییە بە پێوانەی (2.3X 6.8 م)، پێدەچێت ئەم ژوورە وەك ژوورێکی سەرەکی بووبێت لەخانووەکەدا، لەلای ڕۆژئاوای ئەم ژوورە سەرەکیە دەرچەیەك هەیە کەوەك دەرگا بە ئاراستەی ژووری ژمارە (50)، ئەم ژوورە قەبارەیەکی گەورەی هەیە بەپێوانەی (8.5 X 4.5 م) دەبێت، کە ژمارەیەکی زۆر گۆڕی مرۆڤ تێیدا دۆزراوەتەوە (هواس، 2015، 60).

ئەگەر سەرنج بدەین لەپێکهاتە و پلانی هەردوو خانوویی (8، 5) لەچاڵی (10) دا، شوێنەواری دەرچەی دەرگا و ڕێڕەوەکان بوونی هەیە، ئەمەش ئاماژەیەکە مرۆڤ لەم قۆناغەدا دەرگایی بەکارهێناوە و دەرگا و ڕێڕەوەکان بەشێکی گرنگی لایەنی بیناسازی ئەم قۆناغەن (الشيخ، 1995، 180). هەروەها بەدەر لەبوونی دەرچە و ڕێڕەوەکان بوونی گرێژنەی دەرگا (stone door socket) دووپاتی بوونی دەرگامان بۆ دەکاتەوە کە ئەو سەردەمە بەکارهاتووە (Charvat, 2002, 16؛ برید وود و ئەوانی دیکە، 2005،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

95)، هەروەك ئاشكرایە مەبەستی سەرەكی لە بەكارهێنانی دەرگا بۆ هاتوچۆ و داخستنی خانوەكان بووە، بۆ خۆپارێزی لەكەش و هەواو كەسانی نامۆ و ئاژەڵی دڕەندە و هۆكاری دیكە (أبو غنيمة، 2004، 215)، بەڵام شێوازو پێكهاتەی دەرگا بەڕوونی نەزانراوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی دەرگا لەو قۆناغەدا لە پێستی ئاژەڵ و لقی دار و گەڵا دروست كراوە شوێنەوارێكی وایی نەماوەتەوە (سليمان، 1976، 210). لەبەهاری (2016)دا لەوەرزی شەشەمدا كاركردنی تیمەكە بەردەوام بوو لە چاڵی ژمارە (10)، بەتایبەتی خانویی ژمارە (5) ژووری (50) هەر بۆیە هەستان بە فراوان كردنی چاڵەكە بەئاراستەی باكوری ڕۆژئاوایی بەپێوانەی (18 X14م)، ئەوەش لەبەر ئەوەی دەیان ویست بەدواداچونی زیاتر بكەن بۆ لایەنی بیناسازی و تەواوكاری هەڵكۆڵینەكانی وەرزەكانی پێشوو لەم چاڵەدا كەدەستكەوتی باشی هەبوو، هەروەها لەبەرئەوەی ژمارەیەكی زۆر لاشەی مرۆڤ دۆزرایەوە لەژووری (50)دا كەهێمایی بۆ ئەوە دەكرد ئەم ژوورە لەڕووی كۆمەڵایەتی و لایەنی پەیوەست بەبیروباوەڕی ناشتنەوە پێدەچێت گرنگ و بەبایەخ بوو بێت، هەر بۆیە ناوی خانویی مردوان لەم خانووە نراوە (House of the Dead) (Mathews and others, S.6, 2016, 3-4).

لەهەردوو وەرزی حەوتەم و هەشتەمدا بەهەمان شێوە ئامانجی كاركردن دەست خستنی زیاتری بەڵگەی لایەنی بیناسازی و گەڕان بەدوایی پاشماوەی لاشەی مرۆڤەكاندا لەژووی (50) و خانوویی ژمارە (5) بوو، بەرئەنجام توانیان دەستكەوتی باش بەدەست بهێنن، لەم وەرزانەدا تونرا پلانی خانویی ژمارە (5) زۆر بەباشی بەدیار بخرێت، لەهەمان كاتدا پلانی خانوویی ژمارە (8)یش زۆر بەباشی ڕوون بویەوە، بەشێك لەو دیوارانەی خانوویی ژمارە (8) تەواو نەكرابوون لەوەرزەكانی پێشودا ئاڕاستەیان دیار نەبوو، لەم وەرزانەدا توانرا بەدیار بخرێن یارمەتی دەربوون بۆ تەواوكاری پلانی خانووی ژمارە(8)، ئەم خانووە وەك لەوەرزەكانی پێشوودا باسمان كرد كەوتوەتە ژێر خانوویی ژمارە (5) دیوارەكانی بە خشت دروست كراوە، بەشێوەیەكی گشتی ئەو بەشانەی دەرەوەی خانوەكان لەگەڵ بەشەكانی ناوەوە بەدیار كەوتن (Mathews and others, S.7, 2017, 4)، ئەگەر سەرنج لەئاڕاستەی خانووەكان بدەین بەتایبەت هەردوو خانووی ژمارە (8، 5) دەبینین ئاڕاستەیان ڕووی لە باشورە ئەو ئاڕاستەیەش لەخۆوە نیە و پەیوەندی بە سود وەرگرتنەوە هەیە لەڕووناكی و گەرمی خۆر كە زۆرینەی ئەو خانوو و بیناو كۆشكانەی لە ناوچەكانی دۆڵی نێوان دوو ڕووباردا دروست كراون ڕوویان لە خۆر بووە و ئەم ئاڕاستەیان هەیە، كە ئەم ئاڕاستەیە لەئێستاشدا گرنگی و بایەخی هەیە (الياور، 2003، 11).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3. ژیانی ئابوری وسەرچاوەی خۆراك:

لە دەستپێکی چاخی بەردینی نوێدا مرۆڤ هەنگاوێکی گەورە هەڵدەنێت، کەوەك گۆڕانکاریەکی گرنگ وێنا دەکرێت، لەقۆناغی کۆکردنەوە دەچێتە قۆناغی بەرهەم هێنان، واتا لە پرۆسەی کۆکردنەوە و ڕاوکردنەوە دەگات بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری (Braidwood and others, 1961, 2008 ; Riel and others, 2011, 95)، لەڕاستیدا بۆ ئەم ڕووداوە ناوچەی ڕەسەنی ڕووەکەکان و ئاژەڵەکان لەگەڵ بوونی مرۆڤ بنەمایی سەرەکین کەوا لەم ناوچەیەدا هەرسێ لایەنەکە بوونی هەیە (Merrett, 2004, 33)، ئەم ڕووداوە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی مرۆڤ و ڕووەك و ئاژەڵەکان دروستکردووە (حازم، 2017، 74)، هەروەها لەبەرئەوەی ڕووەك و ئاژەڵەکان سەرچاوەی سەرەکی خۆراك و لایەنی ئابوری مرۆڤ بووە لەو قۆناغەدا، وایی لە شوێنەوارناسان کردوە لەو شوێنەوارانەی کاری تێدا دەکەن گرنگی و بایەخی زۆر بەم لایەنانە بدەن و لەڕێگای لێ کۆڵینەوە لەبارەیانەوە زۆر نهێنی و زانیاری گرنگ بەدەست بێنن لەبارەی ژیانی مرۆڤەوە (Braidwood and others, 1983, 431).

### 1.4. سەرچاوە ڕووەکیەکان:

لەمیانی کاری هەڵکۆڵینی لە شوێنەوارەکەدا لەسەرجەم چاڵەکاندا بە درێژایی وەرزەکانی کارکردن ئەنجام دراوە، دەست کراوە بە کۆکردنەوەی نمونەی تۆوی ڕووەکەکان بەڕێگایی بەکارهێنانی ئامێری فلۆتەیشن (Flotation) ، ئەمەش لەڕێگایی وەرگرتنی بڕی (50لیتر) خۆڵ لەزۆربەی چینە شوێنەواریەکان و ناوچەی ناو خانووەکان و ئاگردان و چینە سوتاوەکان و ناوچە کراوەکان وە بە بەکارهێنانی ئەم ئامێرەوە تۆوی گژوگیاو دانەوێڵەو ڕووەکەکانی دیکە جیاکراونەتەوە، لەسەرەتای ساڵی (2012- تاکو 2019)دا، تیمەکە توانیویانە لە کۆی چاڵەکانی(1-13) نزیکەی (666) نمونەی ڕووەکی لەبڕی (16620)لیتر خۆڵ بەدەست بهێنن، دوا بەدوایی جیاکردنەوەی تۆوەکان دەرکەوت کە ئەو ڕووەکانەی کە لەشوێنەوارەکەدا بەدیکراون یان ڕوونتر بڵێین لەلایەن مرۆڤەوە بەکارهێنراون لەجۆرەکانی دانەوێڵەو تۆوی گژوگیا و توێکڵی گوێز و هەندێ تۆوی ڕووەکی بەخەڵوز بوو بوون هەروەها نیسك کە زۆر بەربلاو بووە لەناوچەکەدا و لەو قۆناغەدا، بەتایبەت لەسەرەتایی جاخی بەردینی نوێدا، هەروەها هەر لەو قۆناغەدا ئەم دەستکەوتانە ئەوە نیشان ئەدات کەوا ڕووەك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوەیەکی خۆراکی گرنگی مرۆڤ بووە لەگردی بێستان سور (Mathews and others, S.1, 2012, 99-100 ; Mathews and others, S.2, 2012, 75-80 ; Mathews and others, S.1, 2012, 113-118).

پاش بەدەستهێنانی ئەو ژمارە زۆرە لە تۆوی ڕووەکان، چەند نمونەیەکیان نێردران بۆ تاقیگە زانستیەکان لە ویلایەتە یەگرتوەکانی ئەمریکا بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لەبارەیانەوە (Mathews and others, S.3, 2012, 83-85). ئەوەی تێبینی کراوە لە بەشێك لە چالەکاندا ڕێژەی تۆی ڕووەکی روو لە کەمبوونەوە بووە واپێدەچێت بەکارهاتبێت بۆ سوتاندن بوونەتە خەلووز، وە هەروەها رایەکی تر هەیە کە تۆوی ڕووەك و دانەوێڵەکان هەڵگیرابن لەناوچەی دەورو بەری شوێنی نیشتەجێ بوون، کە ئەمەش بووەتە هۆکاری کەم بوونەوەی ڕێژەیان (Mathews and others, S.2, 2012, 47-54).

بەگشتی لەدوایی لێ کۆڵینەوەی ورد لەپاشماوە ڕووەکیەکان تیمە شوێنەواریەکە لەو باوەڕەدان مرۆڤ لەگردی شوێنەواری بێستان سوردا توانیویەتی سود لە هەندێ جۆری ڕووەك و دانەوێڵەکان وەربگرێت کە کێوی بوون زیاتر، واتا هێشتا بەڵگەی تەواوەتی نەدراوە بەدەستەوە، کە بتوانین بڵێین بەڵێ مرۆڤ توانیویەتی دانەوێڵە و تۆوەکان بچێنێ دەکرێت یاخود دروست بڵێین کشتوکاڵی زانیوە، بەڵام دەکرێت ئەم قۆناغە بە سەرەتای قۆناغی ئاشنابوونی مرۆڤ بە کشتوکاڵ لەقەڵەم بدرێت، بەردەوامی کارکردنی تیمەکە گرنگە نزیکمان دەکاتەوە لەوەڵامی ئەو پرسیارەی دەربارەی چۆنیەتی بەکارهێنان و چاندنی تۆوی ڕووەکەکان و کشتوکاڵ کردن (Mathews and others, S.2, 2012, 84) لەراستیدا بەپێی هەڵکەوتەی شوێنەوارەکە کە کەوتوەتە ئەو نێوەندەی لەڕووی ژینگەییەوە لەباربووە بۆ سەرهەڵدانی کشتوکاڵ (أبوالنصر، 1962، 70)، وە تێڕوانینیی مێژووی شوێنەوارەکە کە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی هەزارەی هەشتەم پێشت بەستن بەم مێژووە کەزۆر بەی سەرچاوەکان بە سەرەتایی ئاشنابوونی مرۆڤی لەقەڵەم ئەدەن بەچاندن و بەکشتوکاڵ (Asouti and Fuller, 2013, 330-331)، هەروەها بەستنەوەی شوێنەوارەکە بەشوێنەوارەکانی ناوچەکەوە کە سەرەتایی کشتوکاڵیان تێدا وەدەرکەوتووە وەك چەرمۆ و تەپە گۆران و چایونۆ و هاتشیلار و جریکۆ دەکرێت بڵێین بێستان سور وەك قۆناغی سەرەتای هەنگاونانی مرۆڤ بۆ چاندن و کشتوکاڵ کردن (Pullar, 1977, 24).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2.4 سەرچاوە ئاژەڵیەکان:

لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر پاشماوەی گیانلەبەران و ئاژەڵەکان لەگردی بێستان سور یەکێکی دیکەیە لەو کارانەی تیمە شوێنەواریەکە لەکاتی کنەوپشکنیندا گرنگیان پێ داوە (ماتیو، 2015، 115)، چونکە مرۆڤ لەم قۆناغەدا بایەخێکی زۆری داوە بەگیان لەبەران و ئاژەڵەکان وە هەنگاویشی ناوە بۆ ماڵی کردنی ئاژەڵە کێویەکان بەئامانجی لایەنی ئابوری و بەدەست هێنانی خۆراکی ڕۆژانەی و وە زۆر کات توانیویەتی سود لەپێستی ئاژەڵەکان و خوریەکەیان و بەرهەمە شیرەمەنیەکانیان وەربگرێت ( Brock, 1980, 38)، هەر بۆیە بەدرێژایی وەرزەکانی کارکردن لە گردی بێستان سور تیمەکە هەستاون بە کۆکردنەوەی ئێسکی ئاژەڵەکان لەهەموو چاڵەکان و چینە شوێنەواریەکان، وە بەشێوەیەکی گشتی سەرنجیان لەسەر ئەو نمونانە بووە کە بۆ سەرەتاکانی چاخی بەردینی نوێ گەڕاونەتەوە کە سەردەمی پێش گڵێنەسازیە (Mathews and others, S.1, 2012. 89).

ئەو ڕێگا زانستیانەی کە لەکاتی کنەوپشکنینی شوێنەواری دا پشتیان پێ دەبەسترێت بریتین لە سێ ڕێگای سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی ئێسکی گیانلەبەران و ئاژەڵەکان لەکاتی کنەوپشکنینی شوێنەواریدا، کە تیمە شوێنەواریەکە پشتیان پێ بەستوە، ڕێگای یەکەم: هەڵگرتنەوە ئێسکی ئاژەڵەکانە بەتایبەت ئەو ئێسکانەی قەبارەیان گەورەیەو بە ئاسانی بەچاو دەبینرێن لەکاتی هەڵکۆڵیندا. ڕێگای دووەم: بە بەکارهێنانی بێژنگ کە بەم ڕێگایەش زیاتر توانراوە ئێسکی قەبارە مام ناوەندەکان بەدەست بهێنرێت. بەڵام ڕێگای سێیەم: بەپشت بەستن بەئامێری فلۆتەیشن(Flotation) بووە، بۆ شۆردنەوەی خۆڵ و دۆزینەوەی ئەو ئێسکانەی کە زیاتر قەبارەیان بچوکە و لەکاتی کارکردندا بەئاسانی ناتوانرێت بەچاو ببینرێن وەك ئێسکی ماسی و مشك و هاوشێوەکانیان (Mathews and others, S.1, 2012. 89).

بەدرێژایی وەرزەکانی کارکردن، لەسەرجەم ئەو چاڵانەی کەتیمە شوێنەواریەکە کاریان کردوە توانیویانە نزیکەی (12013)پارچەی جۆراو جۆری ئێسك کۆبکەنەوە، پاشان لەڕێگایی لێکۆڵینەوە لەم ئێسکانە جۆری ئاژەڵ و گیانلەبەرەکانی ئەم شوێنەوارە و ناوچەکە دیاری بکەن، کە پاش پۆلێنکردنیان دەرکەوت بۆ ئەم جۆرە ئاژەڵ و گیانلەبەرانە دابەش بوونە ئەوانیش مانگا و ئاسکی سورو بزن و مەڕو بەرازو ڕێوی بوون، هەروەها شیردەرەکان و باڵندە و کیسەڵ و ماسی و قرژاڵ و ئێسکی مشکی ماڵی بوونە (Mathews and others, S.2, 2012. 65-71).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەکاتی کۆکردنەوەی ئێسکەکان تێبینی جیاوازی نێوان ناوچەی نێو ژووری خانووەکان لەگەڵ ناوچەی دەرەوەی کراوە ئەوەش لەبەرئەوەی جیاوازی هەبوو لەجۆری ئێسکەکان بەگوێرەی ئەو ناوچانە، دەرئەنجام دەرکەوت ئەو ناوچانەی دەرەکی بوون بڕی ئێشکی زیاتریان تێدا بەدی دەکرا وەك لەناو ژوورو خانووەکان، هەروەها هەر لەناوچە دەرەکیەکاندا زیاتر ئێسکی ئاژەڵی قەبارە مام ناوەندی وەك شیردەرەکانی بەدی کراوە، بەڵام ناوچەی ناوەوە و ژوورەکان بە زۆری ئێسکی باڵندە و ماسی و ئێسکی گیانداری بچوك بەدی کراوە، ئەم جیاوازیەی ئێسکی ئاژەڵەکان بەپێی ڕێژەو جۆرو قەبارەیان لە ناوچە جیاوازەکاندا چالاکی مرۆڤ و بەکاربردنی جۆریەتی ئاژەڵەکان نیشان ئەدات لەناو ماڵەکان و دەروەی ماڵەکاندا لەشوێنەوارەکەدا (Mathews and others, S.5, 2014, 37-46)، هەروەها لەڕووی جۆری ئاژەڵەکانەوە ئەوەی تێبینی کرابوو ڕێژەیەکی زۆر لەئێسکی ئاژەڵی گەورە و مام ناوەند بوونی هەبووە، وە ئێسکی مەڕ ڕێژەیەکی زۆری لەکۆیی ئێسکی ئاژەلەکانی پێك هێناوە (Mathews and others, S.4, 2013, 65-72).

لەڕاستی دا جۆری ئەو ئاژەڵ و گیانلەبەرانەی لەم شوێنەوارەدا بەدی کراون هەمان جۆری ئەو ئاژەڵ وگیاندارانەیە کە بەگشتی لەناوچەکانی باشوری ڕۆژئاوای ئاسیادا بوونیان هەبووە لەو قۆناغەدا کەسەرەکی ترینیان مەڕو و بزن و مانگاو بەراز بووە (ماتیو، 2015، 116)، شایانی باسە سەرجەم ئەو ئێسکانە لەو چینانە بەدەست هاتوون کەوا بۆ چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی دەگەڕێنەوە، ئەتوانین بڵێین دۆزینەوەی ئەم ئێسکانە یارمەتی دەرێکی باش بووە بۆ تیمە شوێنەوارییەکە کە وەڵامی زۆر پرسیاریان بەدەستکەوێت دەربارەی کۆمەڵێك لەچالاکیەکانی ڕۆژانەی مرڤ لە شوێنەوارەکەدا وەك کردەی سەربڕینی گیانلەبەران و ئاژەڵەکان هەروەها ئامادەکردن و دروست کردنی خۆراك (Mathews and others, S.2, 2012. 65-71).

ئەگەر سەرنج بدەین لەسەر بەڵگە شوێنەواریەکان بەتایبەت دەربارەی ماڵیکردنی گیانلەبەران بە دیاریکراوی بزن ئەوا سەرەتای ئەو مێژووە (7900پ.ز)ە بۆ شوێنەواری گردی گەنجدارە دەگەڕێتەوە، پاشان لە خوارووی ئەم شوێنەوارە و لە شوێنەواری علی کوش کە مێژووەکەی بۆ (7500پ.ز) دەگەڕێتەوە بەهەمان شێوە بەڵگەی ماڵیکردنی بزن بەدەست هاتوە (Fournie, Pfeiffer and Bendrey, 2016, 2)، هەروەها مرۆڤ هەستاوە بە ماڵی کردنی بەراز و مەڕ لە گوندی چەرمۆ و ماڵی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردنی بەراز لەگوندی چایونۆ لەتورکیا کەوا مێژووی ئەم شوێنەوارانەش بۆ چاخی بەردینی نوێی و بۆ هەزارەی هەشتەم دەگەڕێنەوە (Price and Arbuckle, 2012, 450).

بەو شێوەیە و بەپشت بەستن بەلێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لەسەرئاستی هەرێمە جیاوازەکان و کاریگەری لایەنی کەش و هەوا و بوونی ناوچەی جوگرافیایی جیاواز و دەرامەتی سروشتی هەروەها پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گیانلەبەرەکان توانراوە بەدروستی زانیاری لەبارەی جۆری ئەو گیانلەبەرانە بەدەست بهێنرێت و بتوانرێت پەی بەو ڕاستیە ببرێت کەوا مرۆڤ هەستاوە بەماڵی کردن و بەخێوکردنی ئاژەڵەکان لەم قۆناغە و قۆناغەکانی پاشتری ژیانی مرۆڤدا لەگوندی بێستان سورو ناوچەکەدا بەگشتی (Mathews and others, S.3, 2013, 110).

## 4. بیروباوەڕی ناشتن:


وێنەی ژمارە (3) خانووی ژمارە (5) ژووری ژمارە (50)
توێژەر

بیروباوەڕی ناشتن بەیەکێ لەدیاردە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤ لە قەڵەم دەدرێت لەم قۆناغەدا (ماتیو، 2015، 130) ، وە زۆر جار لەڕێگایی لێکۆڵینەوە لە گۆڕەکان و شێوازی ناشتنی مرۆڤ و وهەروەها ئەو کەل و پەلانەی لەگۆڕەکاندا بەدیکراوە توانیویەتی زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابوری مرۆڤ لەو قۆناغەدا ڕوونبکاتەوە (Buyukkarakaya and others, 2019, p.1)، هەروەها بیروباوەڕی ناشتن وێنەیەکی ڕوونی پێگەی گرنگی مرۆڤی نیشانداوە لە پاش مردن (الطلبي والزيدي، 2017، 407).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگی و بایەخی بیروباوەڕی ناشتن وای لەتیمە شوێنەواریەکە کردووە لەماوەی کارکردنیاندا سەرنجی وردیان بخەنە سەر ئەم بابەتە، هەر بۆ ئەو مەبەستە تیمەکە توانیان لەهاوینی 2013 بەدیاری کراوی لەچاڵی (7)دا لەلای باشوری ڕۆژئاوایدا دوو ئێسکەپەیکەری مرۆڤ بەدیار بخەن، شایانی باسە هەردوو لاشەکە لەچاڵێکدا بوون نزیکەی (50سم) قوڵ بوو، هەروەها قەبارەی ئەو زەوییەی لاشەکان داگیریان کردبوو لەڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا مەترێك دەبوو وە لەباکورەوە بۆ باشور نزیکەی نیومەترێك دەبوو( Mathews and others, S.2, 2012, 29).



وێنەی ژمارە(4) ئێسکەپەیکەری ژمارە (1) و (2)
Mathews and others, 2020, 437

سەبارەت بەشێوازی ناشتنی لاشەکان لەڕاستیدا لەم قۆناغەدا ئاراستەیەکی دیاری کراوی نەبووە، بەڵکو زۆرکات لایەنی سۆز و کۆمەڵایەتی و کلتوری کاریگەری هەبووە یان هەندێ جار جۆر و شێوازی خانووەکان یان دیوار و دەرگای ماڵەکان ڕۆڵی هەبووە لەسەر شێوازی ناشتنی لاشەی مرۆڤەکان (حنون، 2006، 46)، ئەگەر سەرنج بدەین لاشەی ژمارە(1) سەری ڕووی لەلای ڕۆژهەڵاتە و شێوەی جەستەی وا هەڵکەوتووە کەوا ڕووی لەلای ڕاست بێت، هەرچی لاشەی ژمارە(2) سەری بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوایە و ڕووشی لەلایی چەپە، هەردوو لاشەکە ڕاکشابوون لەشێوەی نوشتاوە بەجۆرێك قاچیان هێناوە بۆ لای سنگیان وە دەستیشیان لەبارێکدا بووە وەك ئەوەی بەسترابێتەوە، وە هەردوو لاشەکە لەڕووی مانەوەی بەشەکانی جەستەیان لەئاستێکی باشدا بوون (Mathews and others, S.2, 2012, 29). دوایی لێکۆڵینەوەی ورد دەربارەی هەردوو لاشەکە لەساڵی 2014دا دەرکەوت لاشەی (1) ئافرەتە و تەمەنی لەنێوان (16-22ساڵ) دەبێت وە لاشەی (2) پیاوە و تەمەنی لەنێوان (30-40ساڵ) دەبێت (Mathews and others, S.5, 2014, 30-32).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی ژمارە (5) کۆمەڵێك ئێسکەپەیکەری مرۆڤ ژووری ژمارە (50)
Mathews and others, S7, 2017, 11

شایانی باسە دەرکەوتنی ئەم دوو لاشەیە دەسپێکێکی باش بوو بۆ سەرنجدانی زیاتر لە لایەنی ناشتن لە گردە شوێنەواریەکەدا، هەر بۆیە لە بەهاری 2014 توانیان لە بەردەوامی کاری کنەوپشکنینەکانیاندا ژمارەیەکی زۆر ئێسکەپەیکەری مرۆڤ بدۆزنەوە بەتایبەت لەچاڵی (10) و بەدیاری کراوی لە خانووی ژمارە(5) ژووری ژمارە(50) دا، ئەوەی تێبینی کراوە لە ماوەی کارکردن و بەدیارخستنی بەشەکانی ئێسکەپەیکەری مرۆڤەکان. کە هەموویان لەژێر ماڵ و ژوورەکاندا یان سەر ڕووی زەوی ناوچە شوێنەواریەکەدا بەدیار کەوتوون، هەروەها ئێسکی دۆزراوەی مرۆڤەکان زیاتر خۆیی دەبینیەوە لە کەلەی سەر کە ڕێژەیەکی زۆری لێ دۆزراوەتەوە لەگەڵ ئێسکی هەردوو دەست و قاچ و شەویلگە و ددان و بڕبڕەی پشت و ئێسیك حەوز و هەندێ ئێسکی قەبارە بچوك (Mathews and others, S.5, 2014, 17).

وەك دیارە لەو سەردەمەدا لاشەی مرۆڤەکان پێش ناشتنیان لەشوێنێکدا پاراستوویانە تاوەکو گۆشتەکەی لە لاشەکە شیبتەوە، پاشان هێناویانن لەژێر خانوەکانیان یان ژووری دانیشتنیان ناشتوویانن (Jammo, 2014, 50)، بەڵام لە هەندێ لە شوێنەوارەکاندا بەنمونە گوندی چەرمۆ هیچ جۆرە گۆڕێك یان ئێسکەپەیکەری مرۆڤ نەدۆزراوەتەوە، ئەوەش لە بەرئەوەیە پێدەچێت لەم شوێنەوارەدا مرۆڤەکانیان لە ناوچەکانی دەوروبەری شوێنی نیشتەجێ بوونیان ناشتبێ (میلارت، 1990، 61).

دوابەدوای لێ کۆڵینەوەکان لەپاشماوەی ئێسکی مرۆڤەکان لەسەرەتادا کۆیی ئەو مرۆڤانەی کە دەرکەوتوون ژمارەیان (23) کەس بووە، لەو ژمارەیە (16) کەسیان لەنێوان تەمەنی (6-8 ساڵ)دا بووە و ئەوانی دیکەیان کەسانی پێ گەشتوو بوونە، بەو جۆرە دەردەکەوێت کە زۆرینەیان لە تەمەنی منداڵیدا بووە (Mathews and others, S.5, 2014, 22).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دواتر لەبەهاری 2019 دا ژمارەی ئەو ئێسکەپەیکەرانەی کە لە کاتی کارکردندا دۆزرانەوە نزیکەی (19) کەس دەبوون، بەهەمان شێوە (14) کەسیان لەتەمەنی منداڵیدا بوونە و یەك دانەشیان لە تەمەنی کەسێکی تازە پێ گەشتوودا بووە ئەوانی دیکەیان نەتوانراوە ڕەگەزیان دیاری بکرێت، بەو جۆرە تا دەهات ژمارەی ئێسکەپەیکەری دۆزراوەی مرۆڤ ڕووی لەزیادی دەکرد ( Mathews and others, S.6, 2016, 33-35).


وێنەی (6) پاشماوەی ئۆکسیدی ئاسن لەسەر کەللەسەری مرۆڤ
Mathews and others, S6, 2016, 28

هەروەها هەر سەبارەت بە بیروباوەڕی ناشتن بابەتێکی دیکە کەوا جێگایی سەرنجی تیمە شوێنەواریەکە بوو دۆزینەوەی پاشماوەی ئۆکسیدی ئاسن (Ochre) بووە، کە گیراوەیەکی ڕەنگ سورە لەشێوەی خوێندا لەسەر ڕووی لەکەلەی سەرەکان بەدی کراوە، بوونی ئەم ڕەنگە سورە هێمایی زیندویەتی نیشان ئەدات یان پێدەچێت ئەو کەسانە کەسایەتی دیار و پایە بڵند بووبن، بۆیە بەو جۆرە ڕەنگ کراون و بایەخیان پێدراوە (أبو غنيمة، 2001، 19; سعيد، 2000، 5; Mathews and others, S.6, 2016, 35-40). لایەنێکی دیکەی گۆرەکان کەجێگایی گرنگی وبایەخ پێدان بووە ئەو پاشماوە شوێنەواریانە بووە کە لەگەڵ لاشەکان یان دەوروبەریاندا دۆزراوەتەوە، شایانی باسە ژمارەیەکی زۆریان مور و بووە کە لەبەردی مەڕ مەڕ و گران بەهای جۆراو جۆر و هێلکە شەیتانۆکە و ئێسك دروست کراون، کۆیی ئەم دۆزراوانە وەك بابەتی گۆڕ دەناسرێن و ئەتوانین بڵێن ئەم بابەتە لای مرۆڤ لەم قۆناغەوە دەستی پێکردوە (Mathews and others, S.6, 2016, 35-40).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


وێنەی ژمارە(7) کۆمەڵێک مورویی ڕەنگاوڕەنگ
Mathews and others, S2, 2012, 116

بابەتی ناو گۆڕەکان کە زۆر کات بەگوێرەی سەردەمە جیاوازەکان جۆراو جۆر بووە و پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە بەلایەنی بیروباوەڕی مرۆڤەوە، لەم قۆناغەدا بەگوێرەی پشکنینە شوێنەواریەکان لەناوچەکەدا بابەتی ناو گۆڕەکان زۆر کەم و دەگمەن بووە (کفافي، 1990، 142-144)، بەگشتی مورووەکان لەشێوەی ملوانەکە بوونە لەلای کەلەی سەری لاشەکان و دەوری ملیان یان لەلای قاچیان بووە کە دۆزراونەتەوە (Abu al. Soof, 1968, 5)، لەبێستان سوریش بەهەمان شێوە هەندێك لە مورووەکان لەشێوەی ملوانکە بوونە لە دەوری ملی ئێسکەپەیکەرەکان دۆزراونەتەوە بە تایبەتی ئەوانەیان کە منداڵ بوون (Mathews and others, S.8, 2019, 4-9).

لەڕاستیدا لەڕێگایی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئەم گۆڕانەوە و ئەو ژمارە زۆرەی ئێسکەپەیکەری مرۆڤەکان بەدیاری کراوی لەچاڵی ژمارە(10) و خانوویی ژمارە(5) ژووری ژمارە(50) دۆزراونەتەوە وایی لەتیمە شوێنەواریەکە کرد ئەم خانووە بەخانووی مردوان ناو ببەن(House of Dead)، کە بەشی هەرەزۆر و زیاتر لەنیوەی لاشەکان هی منداڵ بوون هەروەها ژمارەیەکی زۆریان بە تەنها کەلەی سەر بووە (Mathews and others, S.6, 2016, 4).

ئەم شێوازە لە ناشتن دیاردەیەکی بەربڵاوی ناوچەکە بووە هەروەها ماڵی مردووان لە زۆر ناوچەی دیکەی شوێنەواری بەدیکراوە دیارترینیان لە ناوچە شوێنەواریەکانی باکوری سوریا لە شوێنەواری جعدە موغارە و ئەبو هورەیرە و هەلولە کە ژمارەیەکی زۆر ئێسکەپەیکەری مرۆڤ لەکاتی کنەوپشکنیندا بەدیکراوە و وە بەهەمان شێوە زۆرینەیان منداڵ بوونە (Jammo, 2014, 12)، بەم جۆرەش بەرئەنجامی کاری تیمە شوێنەواریەکە توانراوە وێنەیەکی ڕوونی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابوری ژیانی مرۆڤ لەم قۆناغەدا بەدیار بخرێت وە لێ کۆڵینەوەکانی داهاتووش دەکرێت زۆر نهێنی دیکەی ژیانی مرۆڤ لەم قۆناغەدا ڕوون بکاتەوە (Mathews and others, S.6, 2016, 4).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دەرئەنجامەکان:

1. بەڵگە شوێنەواریەکان بە ڕوونی ئەوە نیشان ئەدەن کەوا هەرێمی کوردستان لەدێر زەمانەوە نیشتمانی ڕەسەنی مرۆڤ بووە.
2. گۆڕانکاریە ژینگەیەکان و بوونی ڕەگەزە سەرەکیە ژینگەیەکانی وەك ئاو و دەشتایی وئاژەڵ و ڕووەکەکان لە ناوچەکەدا هۆکاری سەرەکی بووە بۆ بەدیارکەوتنی گوندێکی دێرینی وەك گوندی بێستان سور.
3. پاشماوەی بیناسازیەکانی گوندی بێستان سور دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە چۆن مرۆڤ لە قۆناغی چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی دەستی داوەتە دروست کردنی خانووی نیشتەجێ بوون و بەچ شێوازێك بنیادی ناوە، هەروەها پێداویستیەکانی ژیانی مرۆڤ لەم قۆناغەدا چ کاریگەریەکی هەبووە لەسەر پلانی دروست کردنی خانووی سەرەتایی.
4. لێکۆڵینەوەکان لە ئێسکی ئاژەڵەکان و پاشماوە ڕووەکیەکان ئەوە نیشان ئەدەن کەوا ئابوری مرۆڤ لەم قۆناغەدا پشت ئەستور بووە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریەوە، ئەم دوو لایەنەش هۆکاری سەرەکی وابەستەکردن و نیشتەجێ بوونی مرۆڤ بووە لە گوندی بێستان سور.
5. بیروباوەڕی ناشتن لەم قۆناغەدا پێگەی مرۆڤ لە دوای مردن و زۆر لایەنی دیکەی کۆمەڵایەتی ڕوون دەکاتەوە، هەروەها پاشماوەی ناو گۆڕەکان شێواز و دۆخی ناشتنی مرۆڤەکان زۆر کات بەڵگەیی گرنگی شوێنەواریان داوە بەدەستەوە، هەربۆیە ئەم بابەتە لای شوێنەوارناسان جێگایی بایەخ و گرنگی یە لە کاتی کنەوپشکنینە شوێنەواریەکاندا.

## لیستی کورتکراوەکان

1. C.Z.A.P Central Zagros Archaeology Project
2. S.S.P Shahrizor Survey Project
3. S.1 Season one
4. B.I.S.I British Institute for the Study of Iraq
5. J.N.E.S Journal of Near Eastern Studies
6. V. H. A Veget Hist Archaeobot
7. R. S. O. S Royal Society Open Science
8. I. J. O International Journal of Osteoarcheology

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سەرچاوەکان


- **سەرچاوەی کوردیەکان:**

1. ئەحمەد، کۆزاد محەمەد، 2013: بۆ یەکەم جار لەکوردستان دەست بژاردەیەکی داهێنانەکانی کوردستانی کۆن لەسەردەمانی پێش مێژوو، گۆڤاری ژین، (ژ.5)، سلێمانی.
2. بریدوود و ئەوانی دیکە، 2005 : لێکۆڵینەوەی پێش مێژوو لەکوردستانی عێراقدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- **سەرچاوەی عەرەبییەکان:**

1. أبو طالب، عماد عبد العظيم، 2015: تاريخ العراق القديم، مصر العربية للنشر والتوزيع، القاهرة.
2. أبو غنيمة، خالد محمود، 2004: عناصر العمارة في لعصر الحجري الحديث قبل الفخاري، مجلة جامعة دمشق، مج20، دمشق.
3. باقر، طه، 2009م: مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، ج١، دار الوراق، بيروت.
4. البدراوي، عدنان مكي، 1985: نشأة القرى العراقية الأولى، حضارة العراق، ج3، دار الحرية، بغداد.
5. جمال، هادية محمد شوقي، 2013: الدمي الانثوية خلال عصور ما قبل التاريخ، مجلة جامعة بحري للآداب والعلوم الإنسانية، مج2، ع3، دار المنظومة، سودان.
6. حنون، نائل، 2006: المدافن والمعابد في حضارة بلاد الرافدين القديمة، دراسة عن الشعائر والعمارة في النصوص المسمارية والاثار، ج1، دار الخريف، دمشق.
7. خميس، زينب عبد التواب رياض، 2017: الدفن السماوي في الاناضول خلال العصر الحجري الحديث دراسة مقارنة مع هضبة التبت، مؤسسة كان التاريخية، ع38، دار المنظومة، كويت.
8. الدباغ، تقي، 1985: الثورة الزراعية والقرى الأولى، حضارة العراق، ج1، دار الحرية، بغداد.
9. دلو، برهان الدين، 1989: حضارة مصر والعراق، دار الفارابي، بيروت.
10. رزقانة، ابراهيم، د.ت: حضارة مصر والشرق القديم، دار المصر للطباعة.
11. سليم، احمد امين، 2011: العصور الحجرية وماقبل الاسرات في مصر والشرق الادنى القديمة، دار المعرفة الجامعية، مصر.
12. سليمان، موفق جرجيس، 1976: عمارة البيت العراق القديم عصور ما قبل التاريخ، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، بغداد.
13. شريف، عمر حسين، 2016: مواقع عصور ما قبل التاريخ في أربيل تطبيقا على قرية زاوي جمى- تل قالينج آغا- تل نادر، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاثار، جامعة قاهرة، القاهرة.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

14. الشكري، صباح جاسم، 2013: نظم الاستيطان في العراق القديم ومناطق في الوطن العربي، مجلة آثار الرافدين، مج2، جامعة موصل، موصل.
15. الشيخ، عادل عبدا لله، 1985: بدء الزراعة وأولى القرى في العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، ، جامعة بغداد، بغداد.
16. غزالة، هديب، 2005: نظرة في تطور عمارة بيوت السكن في العراق القديم الى دور الوركا، مجلة الاتحاد العام للآثارين العرب، مج6، القاهرة.
17. كوفان، جاك، 1988: ديانات العصر الحجري الحديث في بلاد الشام، ترجمة سلطان محيسن، دار دمشق، دمشق.
18. كوفان، جاك، 1988: سلطان، ديانات العصر الحجري الحديث في بلاد الشام، ترجمة سلطان محيسن، دار دمشق، سوريا.
19. مصطفى رشا حسام الدين إبراهيم، 2013: العصر الحجري الوسيط في مصر والشرق الأدنى القديم تطبيقا على (مصر- اناضول- العراق- بلاد الشام) دراسة مقارنة، رسالة ماجستير غير منشورة جامعة قاهرة.
20. النجم، حسين يوسف حازم، 2006: اقتصاد القرى الزراعية خلال العصرين الحجريين الحديث والمعدني في العراق، رسالة دكتوراه غير منشورة جامعة موصل.
21. الوردي، محمود فارس عثمان، 2006: المدافن في العراق القديم، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة الموصل، موصل.
22. وولى، ج. هاوكس ول، 1967: أضواء على العصر الحجري الحديث، ترجمة يسرى الجوهري، ، دار المعارف، القاهرة.
23. ميلارت، جيمس، 1990: أقدم الحضارات في الشرق الأدنى، ترجمة محمد طلب وسلطان محيسن، دار دمشق، دمشق.
24. عبد الله، عدنان مكي، 1983: نشأة وتطور القرية في العراق 6000-4000 ق.م، سومر، مج39، مؤسسة العامة للآثار والتراث، بغداد.
25. هواس، هاوار نجم الدين، 2015: العصر الحجري الحديث المبكر في أواسط زاغروس دراسة اثرية مقارنة لمواقع بيستان سور وشمشارة (شرق العراق) وجاني وشيخ أي آباد (غرب إيران) في ضوء التنقيبات الاثرية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاثار، جامعة قاهرة، القاهرة.
26. الشيخ، عادل عبدا لله، 1995: عمارة في العصر الحجري الحديث والحجري المعدني حتى نهاية طور العبيد، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، بغداد.

27. الياور، طلعت رشاد، 2001، المناخ واثره في فن البناء في ( العمارة الاثرية)، من وقائع ندوة العمارة والبئة في 18 تشرين الثاني، بغداد.
28. حازم، حسين يوسف، 2017: المدنية (ظهورها وتطورها) في منطقة الشرق الأدنى خلال عصور ما قبل التاريخ، وقائع المؤتمر العلمي الأول لعلوم الاثار، 28 آذار، كلية الاثار جامعة كوفة، كوفة.
29. أبو النصر، 1962: تاريخ النباتات، المطبعة الوطنية، بيروت.
30. ماثيو، روجر، 2015: آثار بلاد الرافدين نظريات ودراسات، دار الكتب والوثائق، بغداد.
31. الطلبي، جمعة والزيدي، نعيم، 2017: تطور الاستيطان في منطقة أعالي بلاد وادي الرافدين في العصر الحجري الحديث ما قبل التاريخ (10000-6000 ق.م)، وقائع المؤتمر العلمي الأول لعلوم الاثار، 28 آذار، كلية الاثار جامعة كوفة، كوفة.
32. سعيد، أحمد، 2000: عقائد الدفن وعبادة الاسلاف في ماقبل التاريخ في الشرق الأدنى القديم، دراسات في اثار الوطن العربي كتاب الملتقي الرابع لجمعية الاثارين العرب، القاهرة.
33. أبو غنيمة، خالد محمود، 2001: أساليب الدفن وعادته خلال العصر الحجري الحديث في بلاد الشام، مجلة دراسات تاريخية، ع 75-76، جامعة دمشق، سوريا.
34. كفافي، زيدان، 1990: الأردن في العصور الحجرية، مكتبة الوطنية ومركز الوثائق، عمان.

- **سەرچاوەی ئینگلیزیەکان**

1. Abu al Soof, B., 1968: Tell Es- Sawwan Excavation of the fourth season (spring, 1967), Sumer, vol. 24, Directorate General of Antiquities, Baghdad.
2. Ahmad, Kozad Mohamed, 2012: The Beginnings of Ancient Kurdistan (C 2500- 1500 B.C), Unpublished PhD thesis at Leiden University.
3. Altaweel, Mark, and others, 2012: New Investigations in the Environment, History and Archaeology of the Iraq Hilly Flanks: Shahrizor Survey project 2009-2011, B. I. S.I., vol. 74, Iraq.
4. Asouti, Eleni, and Fuller, Dorin, 2013: A Contextual Approach to the Emergence of Agriculture in Southwest Asia: Reconstructing Early Neolithic Plant-Food Production, The University of Chicago, vol. 54, U.S.A.
5. Braidwood, L., S., and others, 1983: Prehistory Archaeology Along the Zagros Flank, University of Chicago, U.S.A.
6. Braidwood, R. J., and Howe, B., 1960: Prehistoric Investigation in Iraqi Kurdistan, Chicago, U.S.A.
7. Braidwood, R., Howe, B., and Reed, C., 1961: The Iranian Prehistory Project, Science, vol. 133, New York.

8. Brock, J., c., 1980: The Early History of Domesticated Animal in Western Asia, Sumer, vol. 36, Baghdad.
9. Buyukkarakaya, A., M., and others, 2019: handling dead bodies: Investigating the formation process of a collective burial from Neolithic Tepecik-Çiftlik, Central Anatolia (Turkey), J. A. A., vol. 56, Ankara.
10. Charvat, Petr, 2002: Mesopotamia Before History, Routledge, London.
11. Fournie, G., Pfeiffer, D., V., Bendrey, R., 2016: Early animal farming and zoonotic disease dynamics: modelling brucellosis transmission in Neolithic goat populations, R. S. O. S., vol. 4, London.
12. Hojjat, Darabi, 2016: A social perspective on the Neolithic in Western Iran, Documenta prehistorica, vol.43.
13. Jammo, S., 2014: Skull Removal Practices in the Near East Neolithic of Tell el- Kerkh, Syria, Journal of University of Tsukuba Prehistory and Archeology Research, vol. 25, Japan.
14. Kostas, k., MacGinnis, J., and Ur, J., 2015: Archaeology projects in the Kurdistan Region in Iraq.
15. Liyod, S., Safar, F., and Braidwood, R., 1945: Tell Hassuna Excavation by the Iraqi Government, Directorate General of Antiquities in 1943-1944, JNES, Vol. 4, University of Chicago, USA.
16. Marrett, Deborah Claire, 2004: Bioarchaeology in Early Neolithic Iran: assessment of Health state and Subsistence strategy, Unpublished PhD thesis at Manitoba University, Canada.
17. Mathews and others, The Early Neolithic of Eastern Fertile Crescent, Excavation at Bestansur and Shimshara, Iraqi Kurdistan, C. Z. A. P., vol.2, 2020, Oxbow Books, United Kingdom.
18. Mathews, R., and Others, 2012: C.Z.A.P, Excavation at Bestansur, Sulaymaniyah Provence, Kurdistan Regional Government, Republic of Iraq, Archive Report, S.1.
19. Mathews, R., and Others, 2012: C.Z.A.P, Excavation at Bestansur, Sulaymaniyah Provence, Kurdistan Regional Government, Republic of Iraq, Archive Report, S.2.
20. Mathews, R., and Others, 2013: C.Z.A.P, Excavation at Bestansur, Sulaymaniyah Provence, Kurdistan Regional Government, Republic of Iraq, Archive Report, S.3.
21. Mathews, R., and Others, 2013: C.Z.A.P, Excavation at Bestansur, Sulaymaniyah Provence, Kurdistan Regional Government, Republic of Iraq, Archive Report, S.4.
22. Mathews, R., and Others, 2014: C.Z.A.P, Excavation at Bestansur, Sulaymaniyah Provence, Kurdistan Regional Government, Republic of Iraq, Archive Report, S.5.
23. Mathews, R., and Others, 2016: C.Z.A.P, Excavation at Bestansur, Sulaymaniyah Provence, Kurdistan Regional Government, Republic of Iraq, Archive Report, S.6.
24. Mathews, R., and Others, 2017: C.Z.A.P, Excavation at Bestansur, Sulaymaniyah Provence, Kurdistan Regional Government, Republic of Iraq, Archive Report, S.7.

25. Mathews, R., and Others, 2019: C.Z.A.P, Excavation at Bestansur, Sulaymaniyah Provence, Kurdistan Regional Government, Republic of Iraq, Archive Report, S.8.
26. Mathews, R., and Others, C.Z.A.P, http://www.czap. org/bestansur, assumed, 20/6/2020.
27. Mathews, Roger, 2003: The Archaeology of Mesopotamia, Routledge, London.
28. Mathews, Roger, The Early prehistory of Mesopotamia 500000 to 4500 b.c, 2000, Brepols, Belgium.
29. Price, M., D., and Arbuckle, B., S., 2012: Early Pig Management in the Zagros Flanks: Reanalysis of the fauna from Neolithic Jarmo, Northern Iraq, I. J. O., Wiley Online Library.
30. Puller, Judith, 1977: Early Cultivation in the Zagros, B. I. P. S, vol.15, Iran.
31. Richardson. A., 2014: Early Clay Technology, Studies in Early Neolithic Clay Usage from the Central Zagros, In P. Bieliński, M., and others, Proceedings of the International Congress on the Archaeology of the Ancient Near East, 30 April - 4 May 2012, vol. 1, University of Warsaw, Poland.
32. Riel, Simone, and others, 2011: Plant use in three Pre- pottery Neolithic site of the northern and eastern Fertile Crescent: a preliminary report, V. H. A., vol. 21, New York.

## الاستيطان في موقع بيستان سور تحت ضوء اعمال التنقيب الحديثة

### ملخص

من أهم الطرق الفعالة والموثوقة لإثبات حياة البشرية في مرحلة ما قبل التاريخ ، هو الاعتماد على النتائج العملية التنقيب في المواقع الأثرية، ونتجه لهذا النوع من العمل، تمكنا من فهم أسرار البشر في الماضي، إذا نظرنا إلى تاريخ المنطقة بشكل عام وكوردستان بشكل خاص، يرى أنه بسبب عمليات البحث الأثرية، تم الحصول على العديد من الآثار الهامة ضمن الأعمال والمرارات التنقيب لاسيما آن هذا المشروع التنقيب جزء من اهم انجازات لاسيما أحد الإنجازات التاريخية للاستيطان البشري في قرية بستان سور خلال مرحلة العصر الحجري الحديث ما قبل فخار، تظهر النتائج أنماط البناء والطرق الأساسية للزراعة وتربية الحيوانات وكيف اعتمد البشر على هاتين العمليتين كمصادر رئيسية للاقتصاد، ومن ثم تظهر جوانب كثيرة من الحياة الاخرى، وخاصة فكرة الاعتقاد بدفن الموتى في تلك المرحلة.

## Settlement in the Bestansur Site Under the Light of Recent Excavations

**Hawar Najmadin Hawas**
Department of Archaeology, College of Art, Salahadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Hawar_najmadin@hotmail.com

**Noaman Irahim Jumaa**
Department of Archaeology, College of Art, Salahadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Noman.ibrahim@su.edu.krd

**Keywords:** *Bestansur, Shahrizor Plain, Excavation, Pre-Pottery Neollitic, Ochre, Hous of the Dead.*

## Abstract

One of the effective and reliable methods to prove the life of human beings in the pre-history stage is excavation and inspection of archaeological sites. The results of such endeavors could help us understand the secrets of human beings in the past. Excavations have yielded significant results in the world and in the history of Kurdistan in particular. One of the results gained from excavation of Bestansur village is about human settlement in the village during pre-pottery Neolithic stage. The results show the styles of construction and primary of ways of agriculture, animal husbandry and how humans depended on these two processes as main resources of economy. It shows many aspects of life, particularly the belief of buried the dead in that stage.